کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
17-4-2007 21:57 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## وەڵامێک بۆجاش مەرگەیەک ... عەونی خۆشناو

بەداخەوە لەماڵپەری کوردستان نێتی ئازیزەوە جاش قەڵەمێک بەناوی پیرۆزی پێشمەرگە هێرشێکی خیانەتکارانە دەکاتە سەر هەڤالی بەرێز مام جەلال، دەیەوێت بەم قسە پرو پووچانە ناوی پیرۆزی پێشمەرگە لەکەدار بکات وتۆی دووبەرەکی
لەنێوریزەکانی گەڵ بچێنێت. چونکە ئەو قەڵەم فرۆشە هیچ کاتێک لەبەرەی گەڵدا نەبووە، بۆیە من وەکو پێشمەرگەیەکی دێرین پێی رادەگەیێنم و پێی دەڵێم هیچ قەلەم فرۆشێک و هیچ خیانەتکارێک بۆیان نی یە ناوی پیرۆزی پێشمەرگە بەکاربهێنن بە رشانەوەکانیان کەش و هەوای سیاسی کوردستان بۆگەن بکەن..
چونکە پێشمەرگە ئەو سەنگەرە پۆلاینەیە بەمەرگی پتش وەختی خۆی سنگی قەڵغانێک بووە بۆ پاراستنی ریزەکانی گەڵ
(مام جەلال) یش ئەو رابەرە مەزن و لێهاتووەیە کەبەدرێژایی تەمەنی هەم پێشمەرگەو هەم رابەربووە کەرابەرایەتی پێشمەرگەو گەلی کوردستانی کردووە، ماوەی دوو ساڵە سەرۆکێکی بەتواناو بەلیمەتی بواری دیموکراسی و پێکەوەژیانە
لە کۆماری عێراقی فیدراڵدا دۆست ودوژمنان شاهیدی ئەوەن کە جەنابی مام جەلال ئەوەندە کەسایەتیەکی بەتواناو بەلیمەتە بۆبەرێوەبردنی وولات کە نموونەی زۆر کەمە، بۆیە بەو جاش مەرگەیە دەڵێم دەریا بە دەمی سەگ پیس نابێت.
من لەم بابەتەدا چەند نموونەیەک وەبیرئەوقەلەم فرۆشانە دەهێنمەوە بۆ ئەوەی جاریکی ترزاتی ئەوە نەکەن بەچەند ووشەیەکی نابەجێ ناوی پیرۆزی مام جەلال لەکەدار بکەن وسەرۆکی وولاتانی جیهان وکۆمەلانی خەڵکی کوردستان
چۆن ستایشی جەنابی مام جەلال دەکەن.
لەکاتی دەست بەکاربوونی مام جەلال وەکو سەرۆک کۆمار (تۆنی بلێر) سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەنوسی دا لەوەڵامی پرسیاری رۆژنامەنوسێکی کورددا دەلێت دەبێ ئێمەو ئێوە مەمنوونی ئەوە بین کەوا کەسایەتیەکی وەک مام جەلال ئەمرۆلەکورد هەڵکەوتووە لەم گێژاوە سیاسی یە سەرۆک کۆمارە نەوەک کورد بەخەونش
سەرۆک کۆماری نەدەدیت.. هەروەها سەرۆک جۆرج بۆش بەسەرۆکێکی ئازاو بوێر ناوی دەبات.. سەرۆک وەزیرانی پێشووی ئیتالیا بە پالەوانی دیموکراسی باسی دەکات وپەرلەمانی ئیتالیاش بۆماوەی چەندان خولەک بەچەپلەرێزان و
لەسەرپێ پێشوازی لەسەرۆک مام جەلال دەکەن.. شا عەبدولا بەبرا گەورە ناوی دەبات.. سەید عەلی سستانی بە سمام ئەمان ناوی دەبات.. سەرۆک مەسعود بارزانی بە برای گەورە دایدەنێت ولەکارە گەورەو چارەنووس سازەکاندا راوێژی سیاسی لەگەل دەکات.. ئاپۆرەی جەماوەری خۆراگری کوردستانیش بەگوڵ وچەپلەرێزان پێشوازی لەسەرۆکەکەیان دەکەن.. ئەوەیە خۆشەویستی و رێزلێنان لەو کەسایەتیە بەرێزە چی رەوایە کەسێکی ترسنۆک بە حەوت ناوی خواستراوەوە حەوت بابەتی نابەجێ دژ بە مام جەلال بلاودەکاتەوە، دڵنیام لەوەی کەسەرۆک بارزانی ئاگاداری لەوترسنۆکە قەلەم فرۆشە نی یەو کۆمەلانی خەلکی کوردستانیش بەو ووشە بۆگەنانە چەواشە ناکرێت..
لەکۆتاییدا دەڵێم تۆ هەڵۆ نیت بەلکو شەمشەمەکوێری.. تۆ ئاسۆ نیت تۆ تاریکستانی.. تۆ پێشمەرگە نیت تۆ جاش مەرگەی.. تۆ رێباز نیت تۆجنجالۆکەی خیانەتکاری.. تۆ شەرام نیت تۆ ژەهری ماری.. تۆمامە خەمە نیت تۆ مامە ریوی..
تۆ خویندکار نیت تۆ نەزانیت، بۆیە هیچ نازانیت.. وێرای لێبووردنێکی زۆر لە خوینەرانی ئازیز ئەگەر بەزمانێکی زبر
وەڵامی ئەو ترسنۆکەم دابێتەوە..

هیوادارم کوردستان نێت ئەو بابەتەم بۆ بلاو بکەنەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.